زنجیرەی
٥

پەیامی ریزبەندی

# گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئیسلام



د.عومەر عەلی
٢٠١٨

زنجیره (٥)

# پەیامی ریزبەندی

# گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئیسلام

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: پەیامی ریزبەندی - گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئیسلام

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## دەروازە:

ئەوەی دەمانەوێت تیشك بخەینە سەری لەم بابەتەدا تایبەتمەندیەکانی ئیسلامە وەیان گرنگ ترین تایبەتمەندیەکان. جا گەر شارەزایەکی تاڕادەیەك باشمان لەسەر ئەم ئیسلامە هەبوو ئەوکاتە کەسانێك ناتوانن بە فەلسەفەی وشك بە ناوی جۆراو جۆرەوە گرفتمان بۆ دروست بکەن خۆیان بە پێشکەوتوو لەقەڵەم بەن، وە ئێمە بەدواکەوتوو، لە هەمان کاتدا پێچەوانەیە. چونکە عەقلێك ڕازی نەبێت بە ڕاستێتی خواو بەدواکەوتنی ڕێبازەکەی دەبیت ئەمە خۆی بۆ خۆی چ دواکەوتنێك بێت کە لە ڕاستی ڕا بکەیت.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە وە جیای دەکاتەوە لە ئاین و بەرنامەکانی تر.

## یەکەم: لەلایەن خوای گەورەوەیە (الربانیة)

ئەمە، تایبەتدمەندیەکی زۆر گرنگ و جێی تێڕامانە خوایەك دروستکەرو ڕاگری ئەم بونەوەرە بەهەموو ئەو شتانەوەی کەتیایدایە، بەڕێوەبەری بەشێوەیەکی دادوەرانە، بێ جیاوازی لە نێوان باوەڕدارو بێ باوەڕدا، خوایەك کە دروست کەرو بەڕێوەبەر بێت بەڕاستی هەر خۆیشی شارەزایە بە پێداویستیەکانی هەموو مرۆڤایەتی ڕابوردو ئێستاو داهاتوو، ئەوەی لەم خاڵەدا وەردەگیرێ پاك و بێ گەردی و بێ کەموکوڕی و وە بێ هیچ دەمارگیریەك، بەپێچەوانەی بەرنامەکانی تر، ئەگەر بێت و وردانە سەرنجێکی هەر بەرنامەیەك لەو بەرنامانەی کە لە غەیری خوا هەیە، هەمووی بۆ سەردەمێك دەخوات لەگەڵ جیاوازیەکی زۆردا بەپێچەوانەی ئیسلام. سەرچاوەی ئەم دینە لەلایەن خواوەوەیە، بەشێوەی ئیلهام (وحی) هاتووە بۆ پێغەمبەرمان درودوی خوای لەسەر بێت، بە دەق و ماناوە وە ئەوەش قورئانە. سەرچاوەی حوکمەتە دەستکردەکان مرۆڤە. بەڵام سەرچاوەی ئیسلام دروست کەری مرۆڤە. ئەمەیە گرفتی نێوان ئیسلامیەکان و عەلمانیەکان. چونکە ئێمە بیرو باوەڕمان لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ئەم دینە لای خوای گەورەوە هاتووە، مادەم لای خواوە هاتووە هەر ئەمە شیاو ترە، ئەمە ڕاستیەکە ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین. وەکەسیش ناتوانێت بەشێوەیەکی زانستیانە ڕوو بەڕووی بێتەوە، قورئان خۆی ڕووبەڕووی هەموو خەڵك دەبێتەوەو بە تەحەداوە ئەو پرسیارەیان لێ دەکات. بەڵگەشمان هەر قورئانەکە خۆیەتی ئەگەر وانیە سورەتێك بهێنن،{وان کنتم فی ریبی مما نزلنا علی عبدنا فاتوا بسورة من مثله } البقرة ٢٣ بەڵام لە بەرنامەکانی تردا دەبینین ئەمڕۆ شتێك دادەنێن دوای ماوەیەکی کەم هەر

خۆشیان باوەڕیـان پێـی نامێنیـت و بەشـیاوی نازانـن، بەکورتـی ئـەم ئاینـە لەلایـەن خـوای گـەورەوە هاتـووە بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتـی لـە سـەرەتایەوە تـا کۆتایـی.

## دووەم: کە نەگۆڕە (الثبات)

نەگۆڕ بەمانـای ئـەوە نیـە کـە هەمـوو شـتێکی بەڵکـو شـتە سـەرەکیەکان بـۆ نمونـە بیروباوەڕ(العقیـدة) هەمـوو ئـەو بیروباوەڕانـەی هەمانـە هـەر وەك خـۆی دەمێنێتـەوە بـاوەڕ بەخوا،پێغەمبەر،فریشـتەکان،ڕۆژی دوای،حسـاب و لـێ پرسـینەوە، بەهەشـت و جەهەنـەم، چاکـەو خرایـە... هتـد

هەروەهـا ئەخـلاق کردەوەکانمـان هەرشـتێك کـە فەرمـان بەنەکردنـی کرابێـت دەبێـت وەك خـۆی بێـت وە هـەر وەك خۆشـی دەمێنێتـەوە ئیتـر هەرچەنـد ڕۆژگار بگۆڕدرێـت ئـەو هـەر وەك خـۆی وایـە بـۆ نمونـە خواردنـەوەی مـەی و کاری بـەد ڕەوشـتی شـتێکی نەگـۆڕە، ناکرێـت بڵێیـن ئێسـتا زەمانێکـی تـرەو ئاسـایە!

هەروەهـا پەرستشـە ئاینیـەکان نوێـژ، ڕۆژو،زەکات، حـەج، وەهەروەهـا ئەمانـە هەمـووی نەگـۆڕە وە وەك خـۆی دەمێنێتـەوە بـە بەردەوامـی ناکرێـت بڵێیـن ئێسـتە زەمانـی ئەمانـە نیـە، مسـوڵمان دەبیـت پەیوەنـدی لەگـەڵ خـوای خۆیـدا بـەردەوام بتـەو بێـت وە چـۆن ئـەم ئامانجـە دێتـە دی بـە عیبـادەت وە بـەردەوام بوونـی پەیوەندیەتـی بـە خـواوە، بـەلاواز بوونـی کاریگـەری دەبێـت لەسـەر شـتی تـر، هەمـوو نەگـۆڕەکان بـە گۆڕینیـان شـێرازە تێـك دەچێـت و پەیوەسـتدارە بـە پێشـکەوتنەوە واتـە مانەوەیەکـی لـە بەرزتریـن ئاسـتی پێشـکەوتندایە نـەك بـە گۆڕینەکـەی، چـوون گۆڕینـی ئـەو شـتانە سەرلێشـواندن و پشـێوی و هەڵوەشـانەوەو

سـەرگەردانی بەرهـەم دەهێنێـت، بـۆ نمونـە داوێـن پاکـی نەگـۆڕە کـە گـۆڕا دەبێتـە داوێـن پیسـی، دەسـتپاکی نەگـۆڕە کـە گـۆڕا دەبێتـە دزی و خیانـەت، عیبـادەت نەگـۆڕە کـە گـۆڕا دەبێتـە عیبادەتـی شـتگەلێکی نـا شایسـتە وە هەروەهـا.

## سێیەم: هاوسەنگە (التوازن)

لەبەیـن ڕۆح و جەسـتە، دونیـاو دواڕۆژ، شـتێکی نەگونجـاوە لـە ئیسـلامدا گرتنـی یـەك لایـەن، ئەگـەر بێـت و سـەیری جەسـتەو رۆح بکەیـن هەردوکیـان پێویسـتیان بـە پەردەردەکـردن هەیـە جەسـتە بـە خواردنـی بەسودو فیتامیـن دارو وە بـەردەوام، وە هەروەهـا ڕۆحیـش بـە عیبـادەت و پەیوەنـدی لەگـەڵ خـوای گـەورەدا ئەمـە دەبێتـە خواردنـی ڕۆح. جـا دەبێـت هاوسـەنگیەك هەبێـت لـە نیـوان دونیـاو دواڕۆژدا وە لـە نێـوان ڕۆح و جەسـتەدا وە بەهەمـان شـێوە لـە کارەکانـی تـردا وە کـوردی خۆشـمان وتویانـە ( نەشـیش بسـوتێ و نـە کەبـاب ) جـا دەبێـت هاوسـەنگیەك هەبێـت لـە نێـوان هـەردولادا.

## چوارەم: ڕاست بینیی یە (الواقعیة)

یانـی چ واقعـی یانـی شـتێکی خەیاڵـی نیـە خـەون نیـە ئـەوەی کـەداوای دەکات گونجـاوە وە کاری پێکـراوەو بەردەوامیـش شایسـتەی کار پێکردنە، ئـەوەی کـەداوای دەکات گونجـاوە لەگـەڵ ژیریمانـدا، هەرگیـز ئیسـلام داوای شـتێکی نەکـردووە کـە گونجـاو نەبێت،وەیـان لەتوانـادا نەبێـت.

## پێنجەم: گشتگیرە (الشمول)

ئاشکرایە ئاینی ئیسلام ئاینێکی گشت گیرە وەهەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، هیچ شتێك نیە کە لەئیسلام بەدەربێت،وە لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، یەکێ دەڵی: شتی وا هەیە کە لەئیسلامدا باس نەکراوە، وەڵامەکەی ئەوەیە، ئەوەی کە لە ئیسلامدا حەڵاڵە حەڵاڵە، ئەوەی کە حەرامە حەرامە، ئەوەشی کەباس نەکراوە موباحە ئینسان سەرپشکە تیایدا لە کردن و نەکردنیا، سزای بۆ نیە بەڵام ئەوەی کە سەرەکی و گرنگە باس کراوە، چەندەها شتێش هەیە کەزانایان قسەی لەسەر دەکەن بە هۆی تێگەیشتنیان لە ئیسلامەکەو خوێندنەوەیان بۆ دەقە شەرعیەکان. ئەم گشت گیریە هەموو ئەم لایەنانە دەگرێتەوە نێوان بەندەو خوا، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دەوڵەت ،دەوڵەت و مرۆڤ، نێوان دەوڵەت و دەوڵەت، مسوڵمان بە غەیری مسوڵمانەوە، دەوڵەتی ئیسلامی بە دەوڵەتی ئیسلامیەوە، دەوڵەتی ئیسلامی بە غەیری ئیسلایەوە....هتد

## شەشەم: ئاسانە(الیسر)

دینی ئیسلام دینێکی ئاسانە وە ئەوەی داوای کردووی لە توانای مرۆڤەکان بەدەر نیە، هەرگیز خوای گەورە کەس سزا نادات لەسەر شتێك کە لەتوانای بەدەر بێت. وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ئەگەر گرفتێکیش وەیان هۆیەك هەبوو ئاسانکاری تریش هەیە، بۆ نمونە کە نەتوانرا نوێژ بە ڕاوەستانەوە بکریت دەتوانرێت بەدانیشتنەوە بکرێت ...وەیان لە سەفەردا کورت دەکرێتەوە ..هتد

ئەگەر گرانیش بێت دەبێت تەحامولی بکریت مادام لە توانا بەدەر نەبوو، وە بۆ لەپێناو دنیادا زۆر ئیش دەکەین بەلاشمانەوە زۆر گرانە بەڵام تەحەمولی دەکەین لەبەر مادە ...بۆ، بۆ ئیسلامەکە تەحەمولی نەکەین ئایا پاداشتی کامیان گەورەترە! هەندێك کەس دەڵێن نوێژی سبەینیان گرانە بەڵام ئێمەش ئەوە دەڵێین نابینن بێ باوەر زۆرێکی پێش نوێژی بەیانیان هەڵ دەستن بۆ کار کردن ڕێگەیەکی درێژیش دەبڕن، بۆ ئێمە بە گران سەیری بکەین پاداشتی کامیان گەورە ترە! هەر ئەو پرسیارە دەکەین توخوا ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە مەوعیدی سەفەری هەبێت وە یان کار زوو وە لەکاتی خۆیدا هەڵناستین ئەی بۆ، بۆ نوێژەکە بە گران بزانین لەکاتیکدا کاتێکی زۆر کەممان لێ دەگرێت.
کۆتای بەباسەکە دەهێنین بە بیرهێنانەوەی خاڵەکان. ١- لەلایەن خواوەوەیە (الربانیة).٢- نەگۆڕە (الثبات).٣-هاوسەنگە (التوازن).٤- ڕاست بینە (الواقعیه).٥-گشت گیرە(الشمول).٦-ئاسان(الیسر).

- لەم سەرچاوەیە سود وەرگیراوە: المدخل الدراسة الشریعة الاسلامیة/ الدکتور عبدالکریم زیدان.

ئـەوەی دەمانەوێـت تیشـك بخەینـە سـەری لـەم بابەتـەدا تایبەتمەندیەکانـی ئیسـلامە وەیـان گرنـگ تریـن تایبەتمەندیـەکان. جـا گـەر شـارەزایەکی تاڕادەیـەك باشـمان لەسـەر ئـەم ئیسـلامە هەبـوو ئەوکاتـە کەسـانێك ناتوانـن بـە فەلسـەفەی وشـك بـە نـاوی جـۆراو جـۆرەوە گرفتـمان بـۆ دروسـت بکـەن خۆیـان بـە پێشـکەوتوو لەقەڵـەم بـەن، وە ئێمـە بەدواکەوتـوو، لـە هەمـان کاتـدا پێچەوانەیـە. چونکـە عەقلێـك ڕازی نەبێـت بـە ڕاسـتێتی خـواو بەدواکەوتنـی ڕێبازەکـەی دەبیـت ئەمـە خـۆی بـۆ خـۆی چ دواکەوتنێـك بێـت کـە لـە ڕاسـتی ڕا بکەیـت.

**پەیامی ریزبەندی**

# گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئیسلام



د.عومەر عەلی

٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6